## ئیسلامی سیاسیی و سەماكردن بەدەوری دیموكراتیەتدا - گەشەسەندنی فیكری دیموكراسی بەشی دووەم ... نووسینی: گراهام فۆلەر - وەرگیرانی: فەرهاد محەمەد

سەربارى ئەو ئاستەنگە مێژووییانەی ڕێگر بوون لەبەردەم گەشەسەندنی دیموكراتی لە جیهانی عەرەبدا، بەڵام ئەم هەرێمە لە چەندین یەكەی ڕابردوودا گەشەسەندنێكی سیاسی بە خۆوە بینیوە، ئەم گەشەسەندنە سیاسییانەش بە شێوەیەكی تایبەتی گەشەسەندنی ئیسلامی سیاسی بووە، بە بۆچوونی خۆشیان لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا زۆر كەم هەنگاویان ڕووەو دیموكراتی هەڵگرتووەو. بۆ ماوەیەكی دووروودرێژیش بە شێوازی جۆراوجۆر وەسفی دیموكراتیەتیان كردووە، پێش هەر شتێك دیموكراتییەتیان وەك هاوردەیەكی ڕۆژئاوایی و دیاری دەستی كۆلۆنیالییەكان سەیر دەكرد و پێیان وابوو شتێكی هاوردەیە و لە جیهانی عەرەبدا هیچ ڕەگوڕیشەیەكی نییە، ئەم بۆچوونەش بە شێوەیەكی سەرەكی لە لایەن ئەو گروپە بچوكانەوە پێشنیار دەكرا كە خوازیاری ڕۆژئاوا بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بنكەیەكی جەماوەری فراوانیان لە كۆمەڵگەدا نەبووە، بەو جۆرە سەیر دەكران كە ئەمانە كلكی ئیمپرالیزم و ڕۆژئاوان و ئەو ڕێگەی ئەوانیش هەڕەشەیە بۆ سەركەلتوری ئیسلامی و دەیانەوێت بە پشت بەستن بە هێزی ئیمپریالیزم مۆدێلێكی هاوردە بێنە نێو جیهانی عەرەبییەوە.

كەچی لە هزری سیاسی ئیسلامیدا بە دووروودرێژی داوای حوكمڕانی چاك دەكات، بە تایبەتی كە ماوەی چەندین سەدە بەرگریان لە حوكمی عادل كردووە، لە كاتێكدا ژمارەیەكی زۆر لە فەرمانڕەوایانی جیهان هەتا سەدەكانی ئەم دواییە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەڵنەبژێررابوون.

لە ئیسلامدا حاكم شەرعییەتی هەیە، بە تایبەتی لە دیدی عولەماو مەرجەعەكاندا، لەسەرەتاوە هەوڵدەدرێت لە ڕێگەی فەرمانڕەواكانەوە شەریعەتی ئیسلامی "یاسای ئیسلامی" و دادوەریی لە ئاستی كۆمەڵایەتی جێبەجی بكرێت، بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوا لە شەریعەت چووە دەرەوە ئەوا هیچ میكانیزمێك نییە بۆ ئەوەی خۆی لی ڕزگار بكرێت.

گرفتەكە لێرەدا ئاڵۆز دەبێت، كە دەسەڵاتی فیقهی لە كاتی ئاژاوەو كاولكاریدا یا خاپوركاریی مەنگۆلیەكاندا فتوای دا (حاكمێكی نا عادل لە ئاژاوەو فیتنەباشترە)، بەمەش ئاژاوەچی و تێكدەران تەفزیلكراون، لەو كاتەوەش ئەم بۆچوونە شەرعییە خزمەتی دەسەڵاتە ئۆتۆكراتییەكان دەكات، لەبەر ئەوەی ئەمرێكی واقیعی فەرز كراو بۆ سەركوتكاری دەخاتە قاڵبێكی شەرعییەوە، بەڵام ئەم بۆچوونەش نەیتوانیوە لە بەردەم موسڵمانانی پارچەكانی جیهاندا ببێتە ڕێگرو، شۆڕش و ڕاپەڕین دژی فەرمانڕەوا خوێنڕێژەكانیان بەرپا نەكەن.

لەسەدەی بیستەمیشدا بەشێوەیەكی زۆر سەرنج ڕاكێش زۆربەی ئیسلامیەكان دژی ئەم بۆچوونە " كە سەركوتكاری لە ئاژاوە باشترە" ڕاوەستان و داوایان كرد پێویستە فەرمارەوا عادل و ڕاست بێت و دوور بێت لە فەساد و حوكمی خراپ. لەم بۆچوونە تازەیەدا، ئەگەر فەرمانڕەوا نەیتوانی دادپەروەری پیادەبكات، ئەوا كارێكی شەرعیە لە دەسەڵات لاببرێت، ئەم بۆچونەش نزیكە لە بۆچوونی جیفرسۆن كە پێیوایە كاتێك دەوڵەت سەركوتكار بێت، دەبی بەرگری بكرێت، تەنانەت ئەگەر بە بەكارهێنانی هێزیش بێت.

سەرەنجامیش ئیسلامیەكان شێوازێكی دیكەیان گرتەبەر و هەندێك پرانسیپی دیموكراتییان لەبەرچاوگرت، پەنایان بۆ چاودێری و هاوسەنگی **checks and balances** برد، وەك هەنگاوێك بۆ ڕزگاربوون لەو فەرمانڕەوایانەی شەرعیەتیان نییە.
ئایا ئیسلامیەكان لە ڕابردوودا تا چەند
سوودیان لە پرانسیپەكانی دیموكراتی وەرگرتووە؟
ئیسلامیەكان لەسەرانسەری جیهانی عەرەبی بۆ چەندین یەكە بەو ئاراستەیە هەنگاویان هەڵدەگرت كە چەمكی دیموكراتی قبوڵ بكەن، لانی كەم لە ڕووی پرانسیپەوە، ئەقڵانییەتیش لەوەدابوو زۆر كەم لەبارەی سەرچاوەی سەروەرییەوە دەدوان، با ئەو سەرچاوەیە دامەزراوی ڕۆژئاوای بیانیش بن، تەئكیدی ئیسلامیەكان لەسەر بەهاكانی سیستەمی دیموكراتی بوو، ئەمەش لە ڕاستیدا بۆچوونێكی زۆر بەهێز بوو، لەبەر ئەوەی خۆیان سوودمەندی سەرەكی دەبوون تیایدا، هەر ئەم بۆچوونە بە ئاڕاستەی پشتگیری زیاتر بۆ چەمكەكانی مافەكانی مرۆڤ دەچوو.
ئیسلامییە میانڕۆكان هەتا ئێستاش قوربانی یەكەمی دەسەڵاتە سەركوتكارەكانن، بەشێوەیەكی ناشەرعی لەلایەن دەوڵەتەوە سزای "لە سێدارەدان، گرتن و چەوسانەوە" دەدران هەر بۆیە كە ئیسلامییەكان وەك بزاڤێكی ئۆپۆزسیۆنی گەورە لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبدا دەركەوتن، زۆرینەی خەڵك هاتن لە دیموكراتییەتێكی ڕاستەقینەدا دەنگیان بدەنی.
بەڵام ئایا ئیسلامییەكانی ئێستا هەنگاو بەرەو دیموكراتیزەكردن و مافەكانی مرۆڤ هەڵدەگرن ئەگەر خۆیانی تێدا سودمەند نەبیننەوە؟ ئەمە پرسیارێكی زۆر واقیعیە، بەڵام لەو كاتەی زۆربەی ئیسلامییەكان هەڵسەنگاندنیان بۆ دیموكراتی پێش هەر شتێك لەسەر بنەما و هۆكاری پراگماتیكی بوو، ئایا بۆچی بیركردنەوەیان بە پراگماتیكی وەسف ناكرێت؟
بۆ نموونە و لە وەڵامدا دەڵێم پراگماتیك زۆربە ڕوون و ئاشكرایی گۆڕانكارییەكی دوور مەودای سیاسی لە بیركردنەوەی "ئیخوان موسلمین"دا لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبدا دروستكرد. "بەڵام هەتا ئێرە وەچەرخانەكە بە تەواوی ڕووینەداوە". بۆ ئەمەش نموونەمان هەیە.
حاڵەتی سوودان
كاتێك لە ساڵی 1989ئیخوان موسلیمینەكان بەشداری كودەتا سەربازییەكان دژ بە ڕژێمێكی نیمچە دیموكراتی كرد، لەبەر ئەوە بوو لەو بڕوایەدابوون بە ڕێگەی دیموكراتی دەسەڵات ناگرنە دەست، هەتا ئێستاش ئیخوان موسلیمینەكان لایەنی سەرەكی سەركوتكارن لە ڕژێمی سوَداندا.
ئەم گومانبارییەی سەبارەت بەو ڕژێمانەی چاوەڕی دەكرێت لە لایەن ئیسلامییەكانەوە بەرەو دیموكراتی هەنگاو هەڵبگرێت، گومانێكە لە جێی خۆدایە، ئەگەر سەیری ئیسلامییەكان بكەین كە لە جیهانی ئیسلامیدا دەسەڵاتیان دەكەوێتە دەست، وەك سۆدان، ئێران، تاڵیبانەكان لە ئەفغاستان، دەبینین بە هیچ جۆرێك پابەندبوونێكی جدیان بۆ دیموكراتی پیشان نەداوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئێران بەرەو پێشەوەچوونێكی باشی بەرەو هەڵبژاردنی ڕاستەقینە هەڵگرتووە، هەتا سودانیش بەرەو كرانەوە هەنگاوی هەڵگرتبوو و ڕێگەی بە هەندێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی پێشوو دابوو، .

ئیسلامییەكان پێش ئەوەی بگەنە دەسەڵات بە شێوەیەكی زۆر تایبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا كاری خۆیان دەكەن، كاتێك دەسەڵاتیان كەوتە دەست، ئامادە نین دەستبەرداری بین.
ئەوەی لێرەدا دەبێتە هەقیقەتێكی گرنگ، ئەوەیە لەهەر سی حاڵەتەكەدا، ئیسلامیەكان بە ڕێگەی هێز وەك كودەتای سەربازی، شەڕی ناوخۆ، نەك پرۆسەیەكی دیموكراتی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، هەربۆیە هەر پارتێكی سیاسیش بەم شێوە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوا چاوەڕوانی ئەوەی لێناكرێت سیستەمێكی دیموكراتی گەورەو بەرفراوان بەرهەم بهێنی. باشترین تاقیكردنەوەش بۆ پابەندبوونی ئیسلامییەكان بە دیموكراتی، تەنیا لەو كاتانەدایە كە بە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموكراتیانە دەسەڵات دەبەنەوە، پاشان ڕووبەڕووی ئەوە دەبنەوە لە هەڵبژاردنی داهاتودا بیدۆڕێنین.
لە وڵاتانی عەرەبیشدا پێشینەیەكی دیموكراتی نییە، ترسی ئیسلامییەكانیش بووەتە پاڵپشت بۆ " یەك دەنگ و یەك كەس" شێوازی هەڵبژاردنیش هەرگیز بە شێوەیەكی ڕاستەقینە ڕووینەداوە، هەتا ئیسلامییەكان بە تەواوی بەشداری بكەن و دەسەڵات ببەنەوە، بەڵام پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیسلامییەكان ئامادەن بۆ بردنەوە و دۆڕان لە هەڵبژاردندا، وەڵامی ئەم پرسیارە كەمتر لای ئیسلامییەكانە بەڵكو پەیوەندی بە ڕۆشنبیری سیاسییەوە هەیە و، بارودۆخی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەزمونی دیموكراتی بڕیاری لەسەر دەدات، ئەگەر چەمك و پراكتیزەكردنی دیموكراتی لەو وڵاتەدا هەندێك مێژووی ڕەگداكوتان و تۆماری سەركەوتنی هەبێت، ئەوا ئیسلامییەكانیش وەك هەر پارتێكی دیكە، ڕێز لە بنەماكانی دەستوور دەگرن و بە هاوشێوەی بردنەوە، دۆڕانیش قبوڵ دەكەن. هەر بۆ نموونە ئیسلامییەكانی ئێستای توركیا كە دەسەڵاتیان لە دەستدایە، ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بە دەست نەهێننەوە ئامادەن بە شێوەیەكی دەستووری دەسەڵات بە جی بهێڵن، ئەمەش لە بەر ئەوەیە توركیا هەنگاوی باشی بەرەو دیموكراتی بڕیوە و بنەماكانی ڕەگی داكوتاوە، بەڵام وڵاتێكی وەك جەزائیر كە نەریتی پراكتیزەی دیموكراتی تیایدا بوونی نییە، ، ئەگەر حزبێكی ئیسلامی یان هەر حزبێكی سیاسی دیكە هەڵبژاردن بەرێتەوە، ئەوا هیچ زەمانێك نییە و ئامادە نین هەڵبژاردنێكی دیكە بكرێتەوە یان ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو دۆڕاندی بە ئاسانی دەسەڵات بەجی بهێڵێت.
ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ستراتیژییەكان
كاتێك ئیسلامییەكان هەلیان بۆ دەڕەخسێت لە كەشو هەوایەكی ئازادای تەواودا بێنە ناو گۆڕەپانی سیاسی، ئەوا ڕووبەڕووی ستراتیژیەتێكی سەرەكی دەبنەوە، ئەویش دووڕیانی پەنابردنە بۆ پرانسیپەكانی دیموكراسی یاخود پەنابردنە بۆ هێز.
درێژە بۆ گەمە سیاسیەكە بدە یان پەنا بۆ توندو تیژی بەرە
ئیسلامیەكان پێش هەر شتێك پێویستیان بەوەیە بڕیار بدەن بە تەواوەتی بێنە ناو پرۆسە سیاسیەكەوە، زۆربەی چاودێرانی سیاسی ڕۆژئاوا جەخت لەسەرئەوە دەكەنەوە ئەگەر ڕێگە بدرێت بێنە ناو سیستەمە سیاسییەكە، ئەوا ئیسلامییەكان یان هەر پارتێكی سیاسی دیكە، پێویستە بە پێی بنەمای گەمە سیاسیەكە یاری بكەن، بەڵام شێواز و بنەمای گەمە سیاسیەكە لە وڵاتانی عەرەبدا، بە شێوەیەكی گشتی لە لایەن دەسەڵاتە سەركوتكارەكانەوە نەخشەی بۆ كێشراوە و هەموو ئامانجیشیان بۆ لاوازكردن و بە پەراوێزكردنی هەموو ئۆپۆزسیۆنەكانە. ئەم شێوازەش ئەم شێوانە لە خۆی دەگرێت:
• ڕاپرسی سەرۆكایەتی لەبری هەڵبژاردن

•تەزویرکردن لە هەڵبژاردن
•لە کاتیکدا تەنیا پارتێکی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی بێت، لە کاتی هەڵبژاردندا دەست دەکرێت بە گرتنی سەرکردەی ئیسلامیەکان، هەروەها چەندین شێوەی تەزویری تاکی هەڵبژاردن و تەزویری ناوچەیی پیادە دەکرێت.
ئەم شێوازە بە فراوانی لە جەزائیر و بەحرێن و میسر و ئەردەن و کوێت و ئەو دەوڵەتانەی دیکەی بە هەمان شێوە دیموکراتیان دەوێت پیادە دەکرێن. لەم بارودۆخەشدا بنەمای گەمەکە خۆی دەبێتە گرفت، دەبینین ئۆپۆزسیۆنی بە پەراوێز کراو ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێرێت.
لە ئاکامیشدا، هەندێك لە بزاڤە رادیکاڵەکان بە تەواوی بارودۆخەکە ڕەتدەکەنەوە و پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی و چەکداری لە دژیان. بە تایبەتیش لە جەزائیر، میسر، لیبیا، سعودیە و یەمەن. لە هەشتاکاندا دوو گروپی ئیسلامی ترسناك لە میسر سەریان هەڵدا ئەوانیش "گروپی ئیسلامی و جیهادی ئیسلامی" بوون، ئەم بزاڤانە تا ئێستا بە هەموو جۆرێك لە لایەن ئاسایشی دەوڵەتەوە هەوڵدەدرێت قەڵاچۆبکرێن، لانی کەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، سەرکردەی ئەم بزاڤانەش پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بە ناوی ئیسلامەتییەوە، هەروەها بە گومانەوە دەڕواننە شێوازی ئاشتییانە و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی.
لەبەر ئەوەی ئیسلامییەکان پێیان وایە مەنتقی دەوڵەتەکان لە چوار دیواری بەندیخانە تێناپەڕێت.
بەڵام هەندێك بزاڤی دیکەی ئیسلامی گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی بە شێوازی توندو تیژی ناتوانن دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە بگۆڕن بۆیە وازهێنان لە توندو تیژی بە کارێکی ژیرانە لە قەڵەمدەدەن، لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا ئیسلامییە ئوسولیەکان پێیان وایە گرژی و ئاڵۆزی سیاسی لە ناو دەوڵەتێکی وەك میسردا، زۆر نزیکە ببێتە هۆی تەقینەوەی سیاسی، لەبەر ئەوەی فاکتەری لەبار وەك جەمسەرگری هەرێمی و بەڵێنە بی بنەماکانی دەسەڵاتە سەرکوتکارەکان، بۆ دووبارە پەنا بردنەوەی ئەم گروپانە بۆ توندوتیژی زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت، بە تایبەتیش زۆر نزیکە لە لیبیا و سعودیە ئیسلامیەکان پەنا بەرنەوە بۆ توندوتیژی، ئەمەش لە بەر ئەوەیە هیچ ڕێکارێکی دیموکراتیەیان لە بەردەمدا نییە.
دووبارە پەنابردنەوە
بۆ توندوتیژی و چەکداری
ئەگەر پێش کارەساتی 11ی سێپتەمبەر هێزی داپلۆسێنەری ڕژێمە سەرکوتکارەکان لە بەرامبەر ئیسلامییە توندڕۆکان سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا بە داخەوە لە دوای 11ی سێپتەمبەر جارێکی دیکە دەرگا بۆ توندو تیژی خرایەوە سەر پشت، ئاکامی بڕیاری ئیدارەی جۆرج بوش لەشەڕی دژە تیرۆر درێژبوونەوەی توندو تیژی لە شەڕی ئەمەریکا لە عێراقدا، سەر لە نوی ئەو گروپە توندڕۆ و تیرۆریستیانەی ژیاندەوە و توندوتیژی و چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژی ئەمەریکای فراوانتر کرد.
ئەو ڕژێمە عەرەبییانەی پشتگیریان لە بوونی ئەمەریکا دەکرد، ئەوانیش بوونەتە ئامانج، ئەم دەرکەوتنەوە تازەیەی توند وتیژیش، بێگومان لەو کارە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدەو بەرپەرچدانەوەی سەربازی ئەمەریکاوە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها ئەم حاڵەتە "بڵاوبونەوەی توندوتیژی لەسەر ئاستی ئەقلیمی" بووەتە هۆی ئەوەی قسەی توندڕۆکان بەسەر ئیسلامییە میانڕۆکاندا زاڵ بێت، بە تایبەتیش کە ئیسلامییە میانڕۆکان نەیانتوانی ئەو هەقیقەتە پیشانی خەڵك بدەن، کە ئاراستەی ئەوان بەردەگرێت، دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بینییان کەوتوونەتە ژێر گەمارۆ، هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕیشەیی تێکڕای

خەڵك بوونە دژی هەردوولا ڕژێمە عەرەبیەکان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش.
بێگومان توندوتیژی تەنیا ڕێگە نییە بۆ ڕەتکردنەوەی هەر سیستەمێکی سیاسی، هەندێك بزاڤ بە شێوەیەکی گشتی بڕیاریانداوە بۆ ڕەتکردنەوەی بارودۆخە سیاسیەکە پەنا بۆ هۆکاری توندوتیژی و سیاسی نەبەن، نموونەش لەمبارەیەوە گروپی "تەکفیر و هیجرە" یە، بە شێوەیەکی حەرفی کۆمەڵگەی یاسی ڕەتدەکاتەوە و بە کافر لە قەڵەمیان دەدات و بە دوای پێگەیەکی دیکەدا دەگەڕێت، ئەویش خەباتی ئایینی ژێر زەمینییە، بە هەمان شێوە حزبی تەحریر کە بزاڤێکی رادیکاڵییە بە شێوەیەکی بەرفراوان هەر لە فەڵەستنییەوە تا دەگاتە ئاسیای ناوەڕاست و چەندین دەوڵەتی ئیسلامی دیکەی ناوچەیی، گەورەترین گروپی ئاشتییانەی ژێر زەمینی بڵاوبۆتەوە.
زۆربەی وەهابیەکانیش کە بزاڤێکی ڕادیکاڵن بە ناوی "تەوحید"، بە هەمان شێوەی بزاڤەکانی پێشوو، ڕێکخستنەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە و شرۆڤەکانی لەسەر نەخۆشییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامییە و داوا دەکات کە سیستەمە سیاسییەکانیان بگۆڕدرێت و پەناش بۆ توندوتیژی نابەن.
هەموو ئەم بزاڤانەی کە داوا دەکەن ئەو سیستەمە سیاسیانەی ئیسلام بە شەرعی نازانێت بگۆڕێت و لە جێگەیان لەسەر بنەمای شەریعە یاسا دابنرێت و هاریکاری لەگەڵ ڕۆژئاوا نەکرێت، بە تەنیا ڕێگەی دەزانن بۆ ژیانەوەی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبدا.
پێش 11ی سێپتەمبەر زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان وڵاتانی عەرەب گەیشتبوونە قەناعەت کە پەنابردن بۆ کاری چەکداری هەڵەیە، بەڵام دوای 11ی سێپتەمبەر و بەرپابوونی تەنگژەی ریشەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بووە هۆی ئەوەی ئەو قەناعەتە پێچەوانە بێتەوە، بە تایبەتی لەسەر گەشەکردنی زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەکان.
گروپەکان لە بەرامبەر پارتەکاندا
بەشداری پارتی سیاسی پێش هەر شتێك پێویستی بە سازشکردن و کۆمپرۆمایز هەیە، ئەم بزاڤانەش بۆ ئەوەی بتوانن تەوافقێك لە نێوان سیاسەت و بەها ئایینیەکاندا بکەن، ئەوا دەتوانن کەشوهەوایەکی لەبار بۆ پێکگونجان لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکانی دیکە بکەن، هەروەها ئەگەر بنەمای گەمە سیاسیەکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناعادیلانە بێت، ئەوا هەر هاوکاریی و پێکگونجانێك لە گەڵ ڕژێمێکی سەرکوتکاردا ئاکامەکەی دەبێتە هیچ و دەکەوێتە پەراوێزەوە.
جیاوازی نێوان پارت و بزاڤەکان ئەوەیە، بزاڤە ئیسلامییەکان دەتوانن متوربەکردنێك لە نێوان پرانسیپی ئاکارو سیاسەتدا دروست بکەن، بە بی ئەوەی لەگەڵ ڕژێمەکاندا مامەڵە بکەن و بە بی ئەوەی سازش لەسەر پرانسیپەکانای خۆیان بکەن.
هەندێك لە ئیسلامییە سیاسییەکان جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە، گۆڕینی ڕژێم کارێکی مەحاڵە. ئەگەر ئیسلامییەکان ئامادە نەبن بیروبۆچوونی خۆیان بگۆڕن و، گۆڕانکارییەك لە بەها گشتییەکان و تێگەیشتنێك نەبێت، ئەوا ئەم مەسەلەیە جێگەی خۆی ناگرێت.
هەر بۆیە کاتێك جەماوەری پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی ئەوە دەبنەوە بۆچوونەکانی خۆیان بەسەر جەماوەردا بسەپێنن، ئەوا ئەگەر جەماوەر ئامادەباشی تێدا نەبێت مەترسی گەورە سەرهەڵدەدات.
شێخ ڕەشید ئەلغەنووشی کە موفەکیرێکی ئیسلامییە لە تونس و ماوەیەکی زۆر ژیانی بە پەنابەری لە لوبنان بردۆتە سەر دەڵێت "ترسناکترین مەسەلە بۆ ئیسلامیەکان ئەوەیە پێش

ئەوەی بچنە دەسەلأت جەماوەر لایەنگیریان هەبێت و كە دەسەلأتیان وەرگرت لێیان دووربكەونەوە.

ئەمەش وەك لە هەندێك ولأت ئەمڕۆ دەیبینن، ئیسلام بۆتە هێما بۆ سیستەمی دەوڵەتێكی سەركوتكار، وا لەخەڵك دەكات لەبەر ئەوەی ڕژێمەكە سەركوتكارە رقی لە ئیسلام بێت. لە ئاكامیشدا زۆربەی بزاڤە ئیسلامییەكان لە ولأتانی عەرەبدا، بیریان لەوە كردۆتەوە پارتە سیاسییەكانیان لەسەر شێوازی ئیخوان موسلمین دابمەزرێنن، ئەوەش لەم خاڵەدا گرنگە ئەوەیە، ئیخوان موسلمین لەبەر ئەوەی پەنا بۆ توندو تیژی نابات لە هەموویان كاریگەری زیاترە.

ئیخوان موسلیمینەكان بەم ئاراستەیە توانییویانە لەسەرجەم ولأتانی عەرەبدا لە ژێر ناوی جیاوازدا پارتی خۆیان دابمەزرێنن، بۆ نمونە ئیخوان موسلمینەكانی ئەردەن ماوەی چەند یەكە یەكە هاریكاری شانشین دەكەن، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو خاڵەوە كە پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی عەرەب دەكەن، بە هەمان شێوە ئیخوان موسلیمینەكانی مسیریش چالاكییان هەیە، لە كاتێكدا ئەم بزاڤە بەڕەسمی نووسینگەیان نییە.

لەساڵی 1991 سیستەمی جەزائیر هەندێك كرانەوەی بە خۆوە بینی، ئەو كاتە بۆچوونی ڕژێمی جەزائیر بەو شێوەیە بوو كە هێزە ئیسلامییەكان میانڕۆن بە بەراورد لەگەڵ بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ئیسلامی "جبهه الانقاذ الاسلامیه".

لە كوێت و لوبنان و مەغریب و فەلەستین و یەمەنیش ئەو پارتە ئیسلامیانەی پەیوەندیان بە ئیخوان موسلمینەوە هەیە كاریگەری سیاسیان هەیەو، هەروەها وەك بزاڤێكی ئیسلامیش ماونەتەوە، لە كاتێكدا لە ولأتانی عەرەب "چالاكی پارتە سیاسییەكان قەدەغە كراوە، تەنانەت لە میسریش كە ڕێگەیان پێدراوە هەبن، بەلأم بە مەرجی وەك پارتێكی سیاسی ڕەسمی نەبن، هەروەها ئەندامانی ئیخوان موسلمین گەلێك جار خۆیان لەسەر لیستی دیكە كاندیە دەكەن و لە زۆربەی كاتیشدا توانیویانە پەرلەمان كۆنترۆڵ بكەن.

لە سوریا و تونس بە هەموو جۆرێك كاروچالاكی ئیخوانەكان قەدەغە كراوە، بەلأم لە سعودیە بە ڕەسمی ڕێگەیان پێدراوە كاری خۆیان بكەن. لە عێراقیش دوای ڕووخانی سەدام حوسێن جارێكی دیكە بزاڤی ئیخوانەكان زۆر بە بەهێزی دەركەوتۆتەوە.

لە هەموو دەوڵەتەكانیشدا، ئیخوان موسلمینەكان وا خۆیان پیشانداوە، كە دەتوانن لە ڕوانگەی ئامانجی هاوبەشەوە لەگەڵ پارتەكانی دیكە كار بكەن، ، تەنانەت لەگەڵ حزبە شیوعییەكانیشدا، كە ئایدۆلۆژیەتیان دژ بە بەهاكانی ئیسلامە. ئیخوانەكان بۆ دوو ئامانجی تایبەتی زۆر لە نزیكەوە كار لەگەڵ قەومیە عەرەبییەكان و لیبراڵەكان دەكەن.

1- ڕزگاربوون لە سەرجەم ڕژێمەكانی دەوڵەتە عەرەبەكان

"ئەم ئامانجە ئیسلامییەكان لە پرۆسەی دەنگداندا بەهێز دەكات"

2- دۆسیەی دژ بە ئیمپریالیزم و ڕەتكردنەوەی دەستێوەردانی ئەمەریكا لە ولأتانی ئیسلامیدا.

بۆ بەدبەختی، ئاستی دژ بە ئەمەریكاش لە ناو جەماوەری ولأتانی عەرەبدا هێندە بەرزە لەوانەیە ببێتە هاریكارێك بۆ یەكگرتنی ئیسلامییەكان و ببنە كۆڵەگەیەكی سەرەكی سیاسەتی عەرەبی و زیادبوونی جیاوازییەكان لەگەڵ ئایدۆلۆژییە سەرەكییەكانی دیكە، ئەمەش بۆ سیاسەتی ئێستای ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا لە ناوچەكەدا هەواڵێكی خۆش نییەو پێشنیار دەكەم بۆ هەمووان كە بزاڤە ئیسلامیە توندڕۆ و ڕادیكاڵەكان ئەزموونی پراكتیكی پێكگونجان پەیدا بكەن و لەسەر ئامانجە نیشتمانیەكان ڕێك بكەون.

ئەم ئاراستەیە وا دەکات ئیسلامییەکان لە بۆچوونە ئایینیە موجەرەدەکان بێنە دەرەوەو ڕوو لە گرفتەسیاسییەکان بکەن.
بە کورتی، لەگەڵ ئەوەی بیرکردنەوەی جیهانی عەرەب بە شێوەیەکی گشتی بەرەو ئیسلامی ڕادیکاڵی و دژ بە ئەمریکا هەنگاو هەڵدەگرێت و پارتە ئیسلامیەکانیش تێکەڵاوی زۆربەی سیستەمی دەوڵەتەکانیان بوون و، بوونەتە کۆڵەگەیەکی تازەی سیاسەت لە جیهانی عەرەبدا، ئەم بارودۆخەش یەکگرتنی ئیسلامییەکان بۆ دژایەتی ئەمەریکا لە هەموو شوێنێك ئاسان دەکات.